# وانە بەکەڵکەکانی ئەزمونی فەڵەستین بۆ ئەزمونی کوردستان



**محمد حسين**
Muhemedhusen @yahoo.com

**سەرکەوتنەکەی حەماس بەلای ئەوانەوە کە شاگەشکەیبون و ئەوانەیش وا توشی شۆکێکی تاڵی کردن ڕوداوێکی سەرسامکەرە . سەرسامی بەرامبەر ئەم ڕوداوە لەبەر ئەو ئەو دەنگدانە خۆکوژیە نیە کە دەنگدەرانی فەڵەستین حەماسێکیان هەڵبژارد کەمەحاڵە بەم فۆرم و عەقڵیەتەی ئەمڕۆیەوە بەهیچ جۆرێك لەئاستی نێودەوڵەتیدا قبوڵبکرێت , بەڵکو سەرسامی بۆ ئەو تۆڵەسەندنەوەیە کەگەلی فەلەستین بەسندوقەکانی دەنگدان بزوتنەوەی فەتحیان پێ سزادا . ئەشێت ئەو وانانە چی بێت کەحیزبە دەسلاّتدارەکانی خۆمان لەم سزای گەلی فەلەستینەوە وەری بگرن ؟ یان ئەو زیرەکی و بوێریە کامەیە کەپێویستە خەڵکی کوردستان لەفەڵەستینیەکانەوە فێری ببن .**

**حەماس لەدژی تەوژم مەلەوانی کرد و نەیشخنکا , هەر زوو پراگماتیانە ئەو مرونەتە پێویستەی نیشاندا کەقۆناخی ئێستای کێشەی فەلەستین و بونی ئەوان لەپێگەی بەڕێوبەرایەتی فەڵەستیندا ئەیخوازێت . لێرەدا ئەوەندەی دەنگدانە هیستریەکەی خەڵکی فەلەستین پرسیار ئەوروژێنێت کێشەکە حەماس خۆی نیە . ئێمە پێشتر هەڵبژاردنی خەڵکی ئێرانمان بۆ ئەحمەدی نەژاد بینی کەلەزۆر ڕوەوە , بەم جۆرەی ئێستای فەلەستینیەکان هەروا دەنگدان بوو بەئومێدێك کەلەدەرەوەی مێژو و سیاقی گۆڕانکاریە هاوچەرخەکانی دنیای ئەمڕۆیە , بەلاّم ئەو فشارە نێودەوڵەتیەی داواو هەڕەشەی خۆگۆڕین لەحەماس ئەکات گەلێك لەو فشارانە زیاترە سەرۆکی ئێران توشی بوو .**

**لەزۆر ڕوەوە بزوتنەوەی فەتح و پارتە دەسلاّتدارەکانی کوردستان وەکو یەکن , هەموویان وەکوو یەك سەرکردایەتی ساڵانێکی خەباتی ڕزگاری نیشتمانیان کردووە , وەکوو یەك توشی پەتای گەندەڵیەکی کوشندە بوون , لەو جۆرەی وابەگەندەڵی دەوڵەتی پۆستکۆلۆنیالیزم ناوئەبرێت لەتیۆرە سیاسیەکاندا , وەکوو یەك بەرپرسەکانی هەردوولا خەمی جوانکردن و بەرزکردنەوەی مۆدێلی ئۆتۆمبیلەکانیان لەڕیزی پێشەوەی بایەخەکانیانە , وەکوو یەك هیچ دەسکەوتێکی ئەمڕۆییان نیە نیشانی دەنگدەرانی خۆیانی بدەن , بەڵکو هەرخەریکی فرۆشتنەوەی مێژوویەکن کەزەمەنی فرۆشتنەوەی ئیتر بەسەر چووە . فەتح توشی سزای مێژوویی خۆیان هاتن , بەلاّم ئەم پارتانەی لای خۆمان هێشتا هەر بەرەکەیان لەژێرپێدایە و لەوانەیە چانسی ئەوەشیان مابێت بتوانن چارەنوسێکی جیاواز لەفەتح بۆخۆیان دروست بکەن .**

**ئەم هەڵبژاردنە ئەوەی نیشاندابن کەدەشێت گەندەڵی بەو جۆرە هاوولاّتیان داخ لەدڵ و بوغزاوی بکات بەرامبەر ئەو شۆڕشگێڕانەی کەئالاّهەلگری خەباتی دژ بەداگیرکەربوون , ئەشێت توڕییەك ئەم گەندەڵیە ئەیوروژێنێت هەمووئەو ڕۆژە زێڕینانە لەبیرباتەوە کەخەبات و قوربانی دان دروستی کردووە . زۆر بەسادەیی دەشێت بوترێت ئیتر مێژوو دادی ئەو کەسانە نادات کەهیچ کردەوەیەکیان نیە بۆئەوە دەستبدات لەئەمڕۆدا بیکەنە سەرمایەیەکی ڕەمزی بۆخۆیان و هەمیشە ڕابردوو ئیستهلاك ئەکەن .**

**بڕوام وایە گەر هەڵبژاردنێکی عادیلانە لەبەشی هەرە زۆری ولاّتانی ڕۆژهەلاّتی ناویندا بکرێت ئەوا چارەنوسی**

دەسلاٌتدارانیان لەبزوتنەوەی فەتح باشتر نابێت , تەنگانەی گەورەیش لەوەدایە ئەلتەرناتیڤی ئەم دەسلاٌتدارانە هاوشێوەی حەماس و احمدی نەژادە , وەك ئەوەی گەمەکە بەو جۆرە بێت خەلٌکی ئەم ولاٌتانە بیانەوێت " بەد ببینن بۆئەوەی بەدخانە یادکەنەوە " .

"دانایی لەوەدایە دەرس لەهەلٌەی خەلٌك وەربگریت نەك خۆت ببیتە دەرس بۆخەلٌکانی تر " پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا فەتح ئەبێتە دەرسێك بۆپارتە دەسلاٌتدارەکانی لای خۆمان , چارەنوسی فەتح هیچ پرسیارێکیان لادروست ئەکات بەرامبەر ئەو دوارۆژەی کەبشێت ئەوان لەبەردەم سندوقەکانی هەلٌبژاردنێکی پاك و عادیلانەدا توشی ببن ؟ من بەمەبەستەوە پاك و عادیلانە ئەکەمە پاشگری ئەو هەلٌبژاردنەی کەمەبەستمە , چونکە ئەو هەلٌبژاردنانەی تائێستا پارتەکانی لای خۆمان خۆیانیان لێ تاقی کردۆتەوە خالٌیە لەم تایبەتمەندیانە , لە کوردستان و عیراقیش تاڕادەیەکی زۆرهەلٌبژاردنەکان هەروا ڕەنگدانەوەیەکی تری ئەو دۆخی گەندەلٌیەن لەئاستەکانی تردا هەیە , هەلٌبژاردنێك پاك و دورلەگەندەلٌی نەبێت ناتوانێت شۆکی گۆڕانی لەم جۆرە دروست بکات . بێگومانم ئایندە وەلاٌمی ئەم پرسیارانەمان ئەداتەوە , ئیتر ئایا ئەوە دەسلاٌتدارانی ئێمەیە توانای خۆچاککردن و چاکسازیان تیا دروست ئەبێت ؟ یان هاوولاٌتیانی ئێمەیە هەمان عەقلٌیەتی سزادەری فەلٌەستینیەکانیان لادروست ئەبێت ؟

گرنگترین وانەیەك لەم ڕوداوەدا پێویستە بنکەی جەماوەری و لایەنگرانی حیزبەدەسلاٌتدارەکانی لای خۆمان فێری ببن ناچارکردنی سەرکردایەتیەکەیانە بۆگۆڕان و چاکسازی , تەماشاکردنی ئەو بەردەرگاگرتنەی گەنجە فەتحاویەکانە کەئەمڕۆ داوای وازهێنان لەسەرکردایەتی خۆیان ئەکەن . داواکردنی چاکسازی و گۆڕان لەئەمڕۆدا گەلێك بەکەلٌك ترو ئاسانترە لەداوای وازهێنان لەسبەینێیەکدا کەشکستەکان ئەیسەپێنێت . ئەو ڕەوتەی ئەمڕۆ ئیدارەو سیاسەتی هەرێمی کوردستانی لەسەر ئەڕوات ئاسۆیەکی باشتری نابێت لەو بنبەستەی بزوتنەوەی فەتحی پێگەیشت , ماوەتەوە ئەو پرسیارە بکەین ئایا پارتەکانی لای خۆمان لەبنەڕەتدا توانای چاکسازیەکی ڕاستەقینەیان تیاماوە لەدەرەوەی هاشەو هوشەی دەزگاکانی ڕاگەیاندن ؟ چاکسازی لەسەرکردایەتیەوە بۆ بنکردایەتی زیرەکی و بوێریەکی ئەوێت زیاتر لەوەی کەئێستا لەئاستی ڕاگەیاندندا هەیە , کەی لەکوردستاندا دەستی پێکرد بێگومانم بومەلەرزەیەکی سیاسی دروست ئەکات . تائێستا هیچ هێزێکی کوردستانی ئەوەی تیا بەدی ناکرێت توانای هەنگاوی لەم جۆرەی هەبێت , دروستبونی هێزێکی ئەلتەرناتیڤی گۆڕانکەری وەك حەماسیش لەئاسۆی ئەو هێزە ئۆپۆزسیۆنانەدا نابینرێت کەئەمڕۆ لەگۆڕەپانی سیاسی کوردستاندا ئامادەیی هەیە .